سەرۆکی دەستەی دەستپاکی جێختیکردەوە لە ووبووونەوەی هەر هەوڵدانێک بۆ تێکدانی پرۆسەی هەڵبژاردن

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی فیدراڵی، محەمەد عەلی لامی، ئەمڕۆ سێشەممە جێختی لە پێویستی بە توندی ووبووونەوەی هەر پێشێلکارییەک یان هەوڵدانێک بۆ تێکدانی پرۆسەی هەڵبژاردن کردەوە .

دەستەی دەستپاکی لە راگەیەندراوێکدا ووتی: "محەمەد عەلی لامی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی فیدراڵی لە کبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری کبووەوە کە جەگرانی سەرۆکی دادگای فیدراڵی و بەڕێوەبەری بەشی هەڵبژاردن لە کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق لەخۆگرتبوو".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لامی ڕایگەیاندووە، "دەنیا بوونی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕەگریکردن لە ئیستغلالکردنی سامانی گشتی بە پێوپاگەندەی هەڵبژاردن بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش لەنێوان دامودەزگاکانی دەوڵەتدا"، ستایشی "ڕۆڵی کاریگەرانەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری کرد لە پشتیوانیکردنی کارەکانی کەمسیۆن بە بەرەنگاربوونەوەی بەڵای گەندەڵی و دادگاییکردنی تاوانبارانی".

هەروەها لە راگەیندراوەکەدا ئاماژە بۆشکراوە، " لەگەڵ دەستەی دەستپاکی دەسەڵاتی دادوەری و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کاردەکات بۆ دەنیابوون لە سەرکەوتن و شەفافیەتی پرۆسەی هەڵبژاردن، هەروەها دەستبەرکردنی هەماهەنگی ئاست بەرز لەنێوان هەر سێ دامەزراوەکەدا بۆ سنووردارکردنی سەرپێچی و سەرپێچیکانی هەڵبژاردن".

ئ

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی تیشکی خستە سەر "گرنگی ڕەکخستنی ڕەفتاری فەرمانبەران و ئەوانەی ئەرکی خزمەتکردنی گشتییان لەسەر لە وەرزی هەڵبژاردنەکاندا، و ڕەگریکردن لە ئیستغلالکردنی سەرچاوەکانی دەوڵەت بۆ بەرەوپێشبردنی پێوپاگەندەی هەڵبژاردن. داوای پابەندبوون بۆ بڕگەکانی ڕەسای ڕەفتاری فەرمانبەران و ئەوانەی بەرپرسیارن لە خزمەتکردنی گشتی لە بازنەی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥، کە کۆمسیۆن لەم دواییانەدا دەرچووە".